# فێمینیزم و دەوڵەت؛

هاوکاری یان بەرامبەرکێ؟ کارامەیی یان ناکارامەیی؟

**چنوور فەتحی**




١٩ی کانونی یەکەم ٢٠٢٢ وتار

**پوختە**

پێوەندیی فێمینیستەکان لەگەڵ دەوڵەت و حکوومەتەکان دەبێ چۆن بێت؟ ئایا دەبێ یارمەتییان لێ وەربگرن؟ یان لە دەوڵەتەکان دوور بکەونەوە و کار لە سەر کۆمەڵگای مەدەنی بکەن؟ ئایا دەبێ هەوڵی چوونە ناو دەسەڵات و بەدەستەوەگرتنی کاروباری سیاسی و سیاسەتدانان بدەن یان ئێنێرژیی خۆیان بۆ تواناسازیی ژنان تەرخان بکەن؟ یان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرەنگاری

ئەم دەوڵەت و حکوومەتــانە – کە هەر هەموویــان درێژکراوەی ئۆتۆریتیی باوکســالارین – ببنەوە؟ ئایا کارکردن لەگەڵ دەوڵەتەکان بە مانای ئەوەیە کە چوویتەتە خزمەتی دەوڵەتەوە یــان دەبێ وەک جۆرێــک لە هەوڵــدان بۆ دەستەبەرکردنی خواست و داوا فێمینستییەکان نیشـانی بدەی؟ و لە کۆتاییدا ئایا مەگەر دۆخی ژنان لە هەموو کات و شـــوێنێکدا هاوشـــێوەیە کە بکرێت وەڵامی هاوشــێوەش بەم پرســیارانە بدرێتەوە و وەڵامەکان لە هەموو دۆخ و حاڵەتێکدا وەک یەک بن؟ لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین لەگەڵ پێناســـەکردن و ناسـاندنی ســەرجەم بوارەکانی ئەم تەوەرە نوێباوە و باسـکردن لە پێشـینە و شــوێنگەی ســـەرهەڵدان و زاراوە و دەســـتەوشـــە پێوەندیدارەکان، ئاماژە بە هەندێ لەو بەربەســـتانەش بدەین لە کە کۆمەڵگاکانی جیهانی ســـێیەمەدا بەرەوڕووی ئەم ڕێبازە فیکری و پراکتیکییە دەبنەوە. هەم لەبەر ئەوەی کە تەوەرەکەمـان بـابەتێکی تـازە و کەمتر بـاس کراوە و هەم لەبەر ئەوەی کە دەتوانێ وەک زانســـتێکی نێوان لقەکان ئەو کەپاســـتییەی هەبێت کە کۆمەڵێک توێژینەوەی مەیدانی و لۆکاڵی بە دوای خۆیدا بێنێت، ئەم وتارە بە ئامانجی ناســـاندنی ئەم ڕووکردە هاتۆتە نووســـین و بەهیوایە ببێتە ســـەرەتایەک بۆ ڕێگایەکی پڕ بەرهەمی توێژینەوەی هاوشێوە و بەسوود.

## پێشەکی

زۆرێک لە تیۆرڤانانی فێمینیســت، دەوڵەت یان حکوومەتەکان لە دروســتکردن، جێگیری و پەرەدان بە نایەکســـانییە کۆمەڵایەتی و بەتایبەت نایەکســـانییە جێندەرییەکـان بە کـاریگەر دەزانن. ئەم بەرە هـاوکـاریکردن لەگەڵ دەوڵەت ســـــەرکۆنە دەکەن، چونکە بونیـادی بۆرۆکراتیـک و زنجیرەپلەیی دەوڵەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکان دژ بە بەها فێمینیســـتییەکان دەبینن. بە بڕوای ئەوان، بە فەرمی دانانی دەوڵەت وەک "هاوکار" یەکسـانە بە سـەقامگیریی دەسـتوور و هزری زاڵ. ئەم بەرە، فێمینیزمی دەوڵەتی بە کردەوە بە فێمینیزم لە خزمەتی دەوڵەتدا دەبینن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە چالاکانی مافەکانی ژنان باشتر وایە ئێنێرژیی خۆیان بۆ بەهێز و پتەوکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و تواناسـازیی ژنان تەرخـان بکەن و هەوڵ بۆ دروســـتکردنی یەکگرتوویی لە دەرەوەی فەزای دەوڵەتی و لەنێوان "پەڕاوێزنشینان"ی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییدا بدەن. بەڵام بەرەیەکی دیکە لە فێمینیســـتەکـان لایـان وایە ئەوڕۆکە دەوڵەت بۆتە ناوەندی کۆبوونەوەی دەســـەڵات و ســـەرمایە ســـیاســـی، ئابووری و کولتوورییەکان و کەوابوو پچڕاندنی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەت واتا خۆکوژی. بە

بڕوان ئەمان، کشانەوە لە فەزای دەوڵەتی و وەڵامی "نا" بۆ سەرچاوە و ئیمکانیاتی دەوڵەتی، تەنها ئەو کاتە مومکینە کە هەلومەرج بۆ بیچمگرتن و گەشەی دامەزراوەی هاوتەریب و سەربەخۆ لە ئارادا بێت؛ شوێنێک کە کۆمەڵگای مەدەنی بتوانێ هەناسە بدات و دەوڵەت بەردەوام هەڕەشەی لێ نەکات و ئاستەنگی نەکاتەوە.

ئەی چارە؟ لەگەڵ دەوڵەت هاوکاری بکەین یان نەیکەین؟ لە کەرستە و سەرچاوەکان و ئیمکانیاتی دەوڵەتی بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەربگرین یان نەیگرین؟ داوای پشتیوانی و خزمەتگوزاری و هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی لە دەوڵەت بکەین یان نەیکەین؟ بۆ داخڵبوون بە دەوڵەت و بە ژنانەکردنی پۆستەکانی بەڕێوەبەریتی هەوڵ بدەین یان هەوڵ نەدەین؟ وەڵامدانە بەم پرسیارانە ئاسان نییە. لە ڕاستیدا هەروەک لەم وتارەدا زیاتر باسی دەکەین، ناکرێ لەم بارەوە بڕیارێکی گشتی دەرکەین؛ ناتوانین بۆ هەموو چالاکانی مافەکانی ژنان و لە هەموو هەلومەرجێکدا ڕاسپاردەیەکی هاوشێوەمان هەبێت.

لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە: کاتێک باسی دەوڵەت دەکەین ئاماژە بە چ دامەزراوە و کەسانێک دەدەین؟ پچڕانی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەت دەتوانێ لەسەر ئاستی نەتەوەیی بێت (واتا کاتێک لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماردا بەشداری دەکەین یان بایکۆتی دەکەین). بەڵام دەوڵەت تەنها چەند دامەرزراوەی وەک سەرۆککۆماری، پاڕلەمان، وەزارەتخانەکان و ... نییە؛ دەوڵەت لە کۆمەڵێک کەس و دامەزراوە پێک هاتووە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا سەروکارمان لەگەڵیاندا هەیە. وەک ئەنترۆپۆلۆژیستەکان دەڵێن، ئەم دەوڵەتە ڕۆژانە (Everyday State) بە تانوپۆی ژیانی ڕۆژانەمانەوە گرێ دراوە. ئایا پچڕانی هاوکاری لەگەڵ پاسەوانی پارک و یاریدەدەری کۆمەڵایەتی یان کارمەندانی دائیرەی کارەبا و کەرتی هاتوچۆی شارەکان و شارەوانی و بەڕێوەبەری قوتابخانە مومکین و پێویستە؟ چۆن؟ و بۆچی؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەمیشە هاوشێوە نییە و گرێدراوی کۆمەڵێک فاکتەری جیاجیایە کە هەوڵ دەدەین لە درێژەی باسەکەماندا ئاماژەی پێ بدەین.

کەواتە پرسیارە سەرەکییەکە هێشتا بێ وەڵام ماوەتەوە: لە دەوڵەتدا بین و لە ناوەوە هەوڵ بۆ گۆڕانکاری بدەین؟ لەگەڵ دەوڵەت هاوکاری بکەین؟ یان واز لە دەوڵەت بێنین و لێی دوور بکەوینەوە و لە دەروەی فەزا دەوڵەتی و حکومییەکان هەوڵ بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و گرووپە سەربەخۆ ژنانەکان بدەین؟ شیرین ڕای یەک لە باشترین وەڵامەکان دەداتەوە، کە لە

درێژەدا ئاماژە بە باسەکەی دەدەین: ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆرێک لە ژنان، بە تایبەت لە جیهانی سێیەم ئەو دەرفەت و ئیمکانەیان نییە کە لەنێوان ئەم دوو بژاردەیە یەکیان هەڵبژێرن؛ تێچووی بەرامبەرکێ لەگەڵ دەوڵەت لە هەندێ لە دەوڵەتەکاندا زۆر گرانە (بۆ نموونە لە ئێران کە هەوڵدان بۆ مافەکانی ژنان لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا بە هاوواتای دژایەتیکردنی سیستەم لە قەڵەم دەدرێت و دەستگیرکردنی ژنانی ئەکتیڤیستی لێ دەکەوێتەوە).

دەگوترێ بۆ زۆرێک لە ژنان، پرسی سەرەکیی هاوکاری کردن یان بەرامبەرکێ لەگەڵ دەوڵەت نییە؛ مەسەلەکە هاوکاری و بەرامبەرکێی هاوکاتە. ئەو بە بەرجەستەکردنەوەی ئەزموونی ژنانی جیهانی سێیەم دەڵێ دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی هەردووکیان دەتوانن هەم لە خزمەتی ژناندا بن و هەم دژ بە ژنان یەک بگرن؛ چون لە هەردووکیاندا سیستەمی دەسەڵات و زاڵێتیی بوونی هەیە. کەواتە هاوکاری و بەرامبەرکێ لەگەڵ هەر دووکیان زەرووره.[1]

## پێشینە و پێناسە

ئایا فێمینیستەکان لە شوێنێکدا لەگەڵ دەوڵەتەکاندا پێوەندیی باشیان بووە؟ ئایا توانیویانە بە شێوەیەکی کاریگەر داخڵ بە ڕەوتی سیاسەتدانان ببن و ئەندێشەکانی خۆیان بخەنە بەرکار؟ زاراوەی "فێمینیزمی دەوڵەتی" کە لە باس و دەقە فێمینیستییەکاندا بەدی دەکرێت خۆی لە خۆیدا دەلالەت لە چی دەکات؟

ئیمی مەزوور و دۆرۆتی مەک براید، لە توێژینەوەیەکدا سەبارەت بە فێمینیزمی دەوڵەتی لە دەیەی ١٩٨٠ بە دواوە ئاخێزگە و گۆڕانکارییەکانی ئەم چەمکە لێک دەدەنەوە.[2] ئەم دووانە لەو توێژەرانەن کە لە دەیەی یەکەمی ئەم سەدەدا، هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەم چەمکە لە وڵاتە دیمۆکراتیکەکاندا کردووە و ڕاپۆرتی ئەم هەڵسەنگاندنەشیان بڵاو کردۆتەوە کە پرسیاری سەرەتای ئەم تێکستەی بەردەستتانی لەخۆ گرتووە. ئەم توێژەرانە نیشانی دەدەن کە چۆناوچۆن ئەم چەمکە لە دەهەی ١٩٨٠دا کەوتە ڕوو و لە ماوەی دەیەکانی دواییدا گۆڕانی بەسەردا هات و لە کۆتاییدا لەلایەن توێژەرانێکەوە، بۆ نموونە خۆیان، لە چەمکێکەوە کە زیاتر ڕاسپاردەیی و ئایدۆلۆژیک بوو، گۆڕا بۆ چەمکێکی بەسوود لە ڕاڤە و شیکرنەوەی بانەتەوەییی پرسەکانی ژنان. بەم چەشنە،

---

[1] Shahrokni, Nazanin. “Women in Place, the politics Gender Segregation in Iran.pdf

[2] Mazur, Amy G., and Dorothy Mc Bride. “State Feminism since the 1980s: From Loose Nation to Operationalized Concept.” Politics & Gender 3.4 (2007)501-505

نیشـــانی دەدەن کە توێژەرانی فێمینیســـت ســـەرەتا زاراوەی "فێمینیزمی دەوڵەتی"یان لە مانایەکی نەک زۆر ورددا دەخســتە بەرکار تاکوو لە ڕێگەیەوە زنجیرەیەک لە چالاکییە دەوڵەتییەکان تەوســـیف بکەن کە لەســـەر پرس و بـابەتەکـانی ژنـان و جێنـدەر چڕ بۆتەوە. دواتر ئەم زاراوە بۆ لێکـدانەوەی دامەزراوەکانی ســیاســەتدانان لە کاروباری ژنان کەڵکی لێ وەردەگیرا. و لە کۆتـاییدا هەنـدی توێژینەوە لەم بـارەوە هـاتە ئەنجـامـدان کە نیشـــانی دەدا دامەزراوکانی ســیاســەتدانان لە کاروباری ژنان لە وڵاتە دیمۆکراتیکەکاندا کە خۆیان لەناو دەوڵەتدان چۆن کاریگەرییان لەســـەر بەدیهاتنی دەســـتکەوتە فێمینیستییەکان داناوە.

بەڵام کـاتێـک بـاســـی فێمینیزمی دەوڵەتی دەکەین، دەبێ تێگەیشـــتن و خوێنـدنەوەمـان بۆ خودی "فێمینیزم" چی بێت؟ فێمینیزم بەپێی خوێنـدنەوەی هاوبەشـــی نێوان توێژەرانی ئەم ئاقارە بریتییە لە جۆرێک "فام"کردنی ژنان وەک گرووپێک کە لەسەر بەستێنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریدا خاوەن و هەڵگری فرەچەشـــنییەکی تایبەت بە خۆیانن؛ ئەم فامکردنە هاوکات بە دوای باشـــترکردنی بارودۆخی مافەکانی ژنان، باشـــترکردنی پلە و مەنزلەت یان پێگەیان وەک ئەندامانی ئەو گرووپە، هەم لە پانتاییی گشـتی و هەم لە پانتاییی تـاکەکەســـییەوەیە؛ و هەروەهـا مەبەســـتی کەمکردنەوە یـان نەهێشـــتنی زنجیرەپلەییی پشـــتبەســـتوو بە ڕەگەز و زنجیرەپلەییی باوکســـالارانەیە کە نایەکسانییەکانی نێوان ژن و پیاو لە پانتاییە گشتی و تاکەکەسییەکاندا پتەو و بەهێز دەکات. با بزانین ئەم چەمکە چۆن بەدیهات و چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە.

## سێ قۆناغی "فێمینیزمی دەوڵەتی

### قۆناغی یەکەم: خوێندنەوەی گشتی بۆ جێندەر، فێمینیزم و دەوڵەت

توێژەرانی فێمینیســـت کە لە ســـەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ی زایینی بە دوای تێگەیشـــتن لە هۆکارەکانی کزبوونی بزووتنەوە فێمینیســـتییەکان لە ئەورووپا، ئەمریکای باکوور و ئۆســـترالیاوە بوون، بە تـایبەت تیۆرڤانانی فێمینیزم لە بریتانیا و ئەورووپای قاڕەیی، گەیشـــتنە ئەو ئەنجامە کە هۆکاری ســـەرەکیی ئەم کزبوونە بەرەوڕووبوونەوەی ســیســتەماتیکی باوکســـالارانەی دەوڵەتی لەگەڵ بەرنامە فێمینیستییەکاندا بووە. بەم چەشنە، ئەم فێمینیستانە بەرامبەر بە دەوڵەتەکانیان گەشبین نەبوون.

بەڵام بارودۆخەکە لە هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەر بەم شـــێوە نەبوو. لە وڵاتانی نۆردیک و بە تایبەت خۆدی نۆرویژ فێمینیستەکان بە هۆی پێشـینەی جیاوازەوە، کەمتر دژ بە سیستەم بوون و ئامادەی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەت لە ڕێگەی حیزبەکان، یەکیەتییە کرێکارییەکان و پارڵەمانەکانەوە بوون. هەر لەم وڵاتانەدا بوو کە زاراوەی "فێمینیزمی دەوڵەتی" گەڵاڵە کرا؛ وڵاتانیک کە بەهۆی لەســـەر کار بوونی دەوڵەتی خۆشـــگوزەران، دەوڵەت خۆی بە فاکتەرێک بۆ بەدیهێنـانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەهـاتە ئەژمـار و پێوەنـدیی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتیش پێوەندییەکی ئاریکارانە بوو و سیاسەتدانانیش بە زۆری لە هاوکاریی سێ لایەنەی دەوڵەت، کرێکاران و بەڕێوەبەراندا بیچمی دەگرت. هەر بۆیە فێمینیســـتی ئەم وڵاتانەش بواریان بۆ داخڵبوون بە پانتاییی سـیاسـەتدانان و چالاکیی دەوڵەتی بە مەبەسـتی پێکانی مەبەسـتەکانی خۆیان لەبار دەدیت. لێرەوە هێلکا هارنز، فێمینیســـتی ئەڵمانی/ نۆرویژی کە داهێنانی زاراوەی "فێمینیزمی دەوڵەتی" بۆ ئەو دەگەڕێننەوە، بەم شێوە پێناسەی دەکات: "کۆمەڵێکی فرەچەشن لە سیاسەتدانانی گشتی و یاسا و ڕێسای دامەزراوەیی، کە هەم بۆ چارەسەرکردنی پرس و بابەتگەلی گشتیی کۆمەڵایەتی و ئابووری گەڵاڵە کراوە و هەم بۆ دابینکردنی خواســـتەکانی ژنـان". هـارنز فێمینیزمی دەوڵەتی بە جۆرێک لە "پێوەنـدی و دانوســـتـانی نێوان جووڵە و بزاوتی لە خوارەوە و پەسـەندکردنی لە سـەرەوە" دەزانێت. توێژەرانی نۆردیکی دیکە ئەم فێمینیزمە "لە سـەرەوە" کاتێک بە قابیلی بەدیهاتن دەزانن کە ژنانێکی داواکاری خواســـت و ویســـتە فێمینیســـتییەکان بۆ پلە و پۆســـتە حکوومەتییەکان هەڵبژێردرێن یان دابنرێن.

هەر لە ســـەرەتاوە ئەو شـــتەی لەم ئاقارە گونجاوەدا بواری بۆ بەدیهاتنی فێمینیزمی دەوڵەتی دەستەبەر کرد، ئامادەیی تاک و تەرای ژنانی فێمینیست لە پلە و پۆستە جیاجیا حکوومییەکان و هاوکاریی دڵسۆزانەیان لەگەڵ بزووتنەوە فێمینیستییەکان لە وڵاتانی نۆردیک و وڵاتانی سکاندیناوی بوو. هەڵبەت ئاماژە بەو خاڵەش ســـەرنجڕاکێشـــە کە هەر لە ســـەرەتای ســـاڵی ١٩٨٠وە زاراوەی "فێمینزمی دەوڵەتی" بە شێوەیەکی سووک بەکار دەهێنرا: لە ڕاستیدا توێژەرانی ئەڵمـانی ئەم زاراوەیـان بۆ ئـامـاژە بە دۆخی بەدواداچوونی خواســـتە فێمینیســـتییەکان لە وڵاتانی هاوشـێوەی سـۆڤییەت دەخســـتە بەرکار، واتا لە شـوێنێکدا کە دەوڵەتەکان خۆیان دەستیان دابووە دامەزراندنی ئەو گرووپانەی کە بڕیار بوو بە شـێوەی فەرمی کار بۆ باشـترکردنی دۆخی ژنان بکەن، بەڵام بە کردەوە لە ڕەوتی بەربەستدانان لەسەر ڕێگای چالاکییەکانی ژناندا کاریان دەکرد.

### قۆناغی دووهەم: چڕبوونەوە لە سەر فێمۆکراتەکان و دامەزراوەکانی سیاسەتدانانی ژنان

سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ بوو کە توێژەرانی ئۆستراليايی چەمکێکی دیکەیان گەڵاڵە کرد و باسی فێمینیزمی دەوڵەتییان قۆناغێکی دیکە پێش خست. ئەم توێژەرانە زاراوەی فێمۆکرات (Femocrat)یان خستە بەرکار. پێشنیاری ئەم چەمکە لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو کەئەم توێژەرانە لە خوێندنەوەی یەکپارچە بۆ دەوڵەت بەگومان بوون: دەوڵەت گشتێتییەکی یەکپارچە نییە، بەڵکوو کۆیەکی پێکەوە پەیوەستی پێکهاتوو لە پانتاییە جیاجیاکانە کە بۆ ئاستەکانی سیاسەتدانان، حکوومەتداری و دەور و ڕۆڵی بەڕێوەبەرێتیی دابەش دەکرێت. ئەم شرۆڤە لە ڕوانگەی تیۆریکەوە ڕێگای بۆ بە مومکین زانینی بەڕێوەچوونی دەوری ژنان لە دەوڵەتدا دەکردەوە؛ نەک تەنها وەک کەسانێک کە بڕیار بوو تەنها جۆرێک لە هاوکارییان لەگەڵ چالاکانی دەرەوەی دەوڵەتدا هەبێت، بەڵکوو وەک فاکتەرگەلی تاکەکەسی و کۆیی کە خاوەنی بەرنامەی دیاریکراوی فێمینیستی بوون. لە ڕێگەی ئەم شرۆڤەوە ژنان دەیانتوانی لە پانتاییە جیاجیاکانی دەوڵەتدا ئامادەییان هەبێت بەو ئامانجەوە کە بەرەنگاری ڕەوتی سیاسەتدانانی باوکسالارانە ببنەوە. ئەم دەرفەتە لەوێوە دەهات کە ژنان لە دەوڵەتدا لەگەڵ گشتێتییەکی یەکپارچەدا ڕووبەڕوو نەبوون کە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتە باوکسالارانەکاندا بە تەواوی یەکگرتوو و یەکپارچە کار بکات و بەدواداچوون بۆ سیاسەتەکان و گێڕانی ڕۆڵە ئالترناتیڤەکان نامومکین بکات.

زاراوەی فێمۆکرات هەر لەم بوارەدا لەلایەن تیۆرڤانانی ئۆسترالیایی گەڵاڵە کرا کە بە دوای هاندانی فێمینیستەکان بۆ ئامادەیی لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی فێدڕاڵی ئۆسترالیاوە بوون: فێمۆکرات بە مانای ئەو فێمینیستانەیە کە لە قاڵبی دەوڵەتی دیمۆکراتیک بۆ پێشخستنی بەرنامە فێمینیستییەکان، هەم وەک سیاسەتدانان و هەم بە گێڕانی ڕۆڵ لە دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا، ئامادەییان هەیە. ئەم تیورڤانانە دەیەی ١٩٩٠ وەک "فێمینیزمی فەرمی" یان "فێمۆکراسی" باسی ئامادەییی فێمینیستەکان لە دەوڵەتیان دەکرد و کەمتر زاراوەی "فێمینیزمی دەوڵەتی"یان بەکار دەهێنا.

بەرهەمی توێژەرانی نۆردیک و ئۆسترالیایی بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەو ڕوانگە کە دەوڵەت دەتوانێ پانتاییەک بێت بۆ چالاکیی فێمینیستەکان، لە نێو فێمینیستە ئەزموونگرا و پۆزیتیڤیستەکاندا زیاتر مەقبوولییەت وەربگرێت و ئەم توێژەرانە فێمینیزمی دەوڵەتی بە ڕەوتێکی ئالۆز ببینن کە فێمۆکراتەکان،

دەستکەوتەکانی سیاسەتدانانی یەکسانیخواز، و هاوپەیمانیی نێوان فاکتەرە دەوڵەتییەکان و بزووتنەوەکانی ژنان، کاریگەرییان لە سەری دەبێت. هاوکات، لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانیشدا ڕەوتی پێکهاتنی ئەو دامەزراوانەی کە سیاسەتدانانی پەیوەست بە کاروباری ژنانیان لە ئەستۆدا بوو، برەوی سەند و گەیشتە تەشقی خۆی. جگە لەمانە، ئەو چالاکییانەی لە قاڵبی دەوڵەتەکاندا ئەنجام دەدرا، دەیەی ١٩٩٠ سەردەمی چرۆگرتنی سیاسەتدانان بۆ ژنان لە قاڵبی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە لەم بوارەدا ساڵی ١٩٩٥ کۆنفرانسی ژنان لە پەکین خاڵێکی وەرچەرخان لە یەکگرتنی فێمینیستەکان لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان لەوانە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەهاتە ئەژمار. ئەکتیڤتربوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بوارەدا و پێکهاتنی دامەزراوەکانی تایبەت بە سیاسەتدانانی ژنان لەگەڵ ئەندامێتیی وڵاتانی زیاتر لەم دەیەدا کاریگەرییەکی هەرە بەرچاوی لەسەر دۆخی جیهانیی ژنان هەبوو، بە شێوەیەک کە پێشتریش بەڕێوەچوونی "دانیشتنی جیهانیی ژنان" لە ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ببوو بە هانە و هاندەری کردنەوەی نوێنەرایەتی و نووسینگەی سیاسەتدانان بۆ کاروباری ژنان لە وڵاتە جیاجیاکاندا.

## قۆناغی سێیەم: بەرەو پێناسەیەکی ورد بۆ فێمینیزمی دەوڵەتی

هەر وەک لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان پێدا، مزوور و مەک براید وەک "ئەندامی تۆڕی توێژینەوەیی سیاسەتە جێندەرییەکان و دەوڵەت" بەشدارییان لە توێژینەوەیەکدا کردووە کە لەلایەن ئەم تۆڕەوە و وابەستە بە زانکۆی دەوڵەتیی واشنتۆن سەبارەت بە چالاکییە فێمینیستییەکانی دەوڵەت لە سیانزە وڵاتی دیمۆکراتیکی پۆست پیشەسازی لە ماوەی چوار دەیەدا ئەنجام دراوە و ساڵی ٢٠٠٦ بڵاو بۆتەوە. ئەم توێژینەوە بە دانانی جۆرێک لە میتۆدۆلۆژیا بۆ پێوان و هەڵسەنگاندنی ڕێژەی چالاکییە دەوڵەتییەکان لەم بوارەدا، ئەم زاراوەی لە چەمکێکی گشتییەوە بۆ ئاستی چەشنێک چەمکی قابیلی هەڵسەنگاندن و پێوان بەرز کردەوە. ئەم توێژینەوە فێمینیزمی دەوڵەتی بەپێی وەڵامێک هەڵدەسەنگێنێت کە لەلایەن دامەزراوەکانی تایبەت بە سیاسەتدانانەوە بە ئەکتیڤیستەکانی بزووتنەوەی ژنان دراوەتەوە. ئەم توێژینەوە بەرەوڕووی ئەو بابەتەش بۆتەوە کە لە گەلێک حاڵەتدا خواستەکانی بزووتنەوەی ژنان خواست و داواکاریی فێمینیستی نین؛ ئایدۆلۆژیا و چالاکییە فێمینیستییەکان تەنها

بەشـــێک لە بزووتنەوەکـانی ژنـانیـان بیچم داوە و هەموو بزووتنەوە و چالاکییەکانی ژنان فێمینیسی نین.

هەروەهـا لە ڕەوتی توێژینەوەکەدا زەروور بوو توێژەران چەمکی "فێمینیزمی دەوڵەتی" بە وردی لێک بدەنەوە. بەپێی ئەم لێکدانەوە وردە، فێمینیزمی دەوڵەتی تەنها کاتێک دێتە ئاراوە کە دامەزراوەکانی تایبەت بە ســـیاســـەتدانان ژنان، چالاکان و ئەندێشـــە فێمینیســـتییەکان بخەنە ناو دەوڵەتەوە؛ واتا بەدیهاتنی فێمینیزمی دەوڵەتی ســـەرتر و زیاترە لە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ژنان و یان تەنانەت خواســـت و داوکارییەکانی بزووتنەوەی ژنانە. فێمینیزمی دەوڵەتی واتـا نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی و چالاکانی فێمینیســـتی کە بە ئامانجی پێکانی دەرەنجامی فێمینیستی، خواست و داواکاریی فێمینیستی گەڵاڵە دەکەن.

تا ئەو ئاسـتەی پێوەندی بە پرسـیاری سـەرەتایی ئەم بەشـەوە هەیە، دەکرێ بڵێین ئەم توێژینەوە نیشـــانی دەدات کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا لە وڵاتانی پێشکەوتووی پۆست پیشەسازیی دیمۆکراتیکدا، پێوەندی و دانوستانی نێوان دەوڵەت و فێمینیسـتەکان پێوەندییەکی کارامە بووە: ڕەوتێک کە سـەرەتا لە هەندێ لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەســـتی پێ کرد و لە وڵاتانی دیکەدا بە گەشبینییەوە بەرەوڕووی نەدەبوونەوە، بەڵام بەرە بەرە ژمارەی ئەو وڵاتانەی، هەرچەند بە خاوی، ئەزموونێکی ســـەرکەوتوویان ســـەبارەت بەم هاوکارییە هەبوو، زیـادی دەکرد. ئەمە لە حـاڵێکدایە کە لە وڵاتـانی جیهـانی ســـێیەم فێمینیســـتەکان هێشـــتا دەبێ مەســـەلەی بەقا و مانەوەیان لە دەوڵەتدا لە پێش بگرن.

## فێمینیزمی دەوڵەتی و وڵاتانی جیهانی سێیەم

فێمینسـتەکانی جیهانی سـێیەم لەگەڵ دەوڵەتەکانیاندا چی بکەن؟ ئەوان تا چەند دەتوانن سـوود لە ئەزموون و تیۆریی فێمینیسـتە ڕۆژئاواییەکان سـەبارەت بە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەت وەربگرن؟ شـــیرین ڕای، مامۆســـتای بە ڕەچەڵەک هینـدیی زانکۆی وارویک، لە ســـەر ئەو بـاوەڕەیە کە ئەو ڕوانگـانەی ژنـانی

ئەکتیڤیستی وڵاتانی لیبراڵی ڕۆژئاوایی لەم بارەوە بیچمیان داوە، بەپێی پێویست دەقاودەقی دۆخی ژنان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم نییە.[3]

ڕوانگەی فێمینیستەکانی جیهانی سێیەم چۆناوچۆن بووە؟ فێمینیستەکانی جیهانی سێیەم سەرەڕای جیاوازییەکانیان کاتێک کە سەیری کۆمەڵگاکانی خۆیانیان کردووە، تووشی مەسەلەی پێوەندیی باوکسالاریی زاڵ لەگەڵ دەوڵەت هاتوون: ئایا ئەم پێوەندییە پێکەوە ژیانە؟ یان بەرامبەرکێ؟ و بە هەر حاڵ دەبێ چی لەم دووانە بکرێت؟

هەر دوو ڕوانگەکە لەلایەن کەسانێکەوە ڕوون کراونەتەوە. بەرەیەک لە فێمینیستەکان شوناسی دەوڵەتە نوێکانیان لە وڵاتانی خۆیاندا بە تەواویی دژ بە باوکسالاریی سوننەتی بینیوە، و گرووپێکی دیکە باوەڕیان بە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئەم دووانە هەیە. بەڵام هەر دوو بەرە کەم تا زۆر لەسەر ئەو خاڵە هاوڕان کە نە دەبێ لە دەوڵەت وەک کەرستەیەک لەژێر ڕکێفی زاڵێتیی نێرینەدا چاو دابخرێت و نە دەکرێ بە باوەشی کراوەوە هاوکاری لەگەڵدا بکرێت، بەڵکوو لە هەلومەرجی تایبەتدا دەکرێ گەڕانەوە [بۆ دەوڵەت] وەک کەرستەیەک بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژناندا لەبەرچاو بگیریەت.

## دانوستان لەگەڵ دەوڵەت

ژنان لە جیهانی سێیەمدا هەم بەرامبەر بە کۆمەڵگای مەدەنی و هەم بەرامبەر بە دەوڵەت لەگەڵ کێشە و گرفتی هاوشێوەدا بەرەو ڕوون: هەردووکیان لێکدابڕاو، سەرکوتکار و هەڕەشەکەرن و هاوکات فەزایەک بۆ دانوستان و خەبات دەستەبەر دەکەن. دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی هەردووکیان بیچم بە ئاستەنگییەکانی ژنان دەدەن. گەر ژنان ئەم ئاستەنگییانە لەبەرچاو نەگرن، دەکەونە بەر توندوتیژی.

هەروەها دەوڵەت خاوەنی کەسایەتییەکی چەند لایەنەیە. لە بەرپرسانی ناوچەییەوە تاوەکوو کارمەندانی کەرتی خزمەتگوزاری، لە پۆلیسەوە تا دادوەر، ژنان بە بەرین کردنەوەی داواکاری و خەباتەکانیان، ئەزموونی جۆراوجۆریان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە. پرسیار ئەوەیە کە

3 Rai. Shirin. "Women and State in the Third World" in *Women and politics in theThird World*. HalehAfShar (ed), Taylor & FrancisGroup, 1996

شوناسی دەوڵەتانی پەرەگرتنخوازی جیهانی سێیەم چ مەجالێک بۆ پێشخستنی ستراتیژەکان بۆ ژنان دەستەبەر دەکات؟

زۆربەی ئەم دەوڵەتانە خۆیان بە فاکتەری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەزانن، و هاوکات توانایی تەواویان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانیان نییە. دەوڵەتانی جیهانی سێهەم چونکە بەزۆری لەڕووی ژێرخانەوە لاوازن، بەڕێوەچوونی سیاسەتەکانیان گرێدراوی پێوەندی و دانوستانی نوخبەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگای مەدەنییە. کاتێک کە ئەم سیاسەتانە لەلایەن ئەو گروپانەوە کە لێی سوودمەند دەبن پەسەند نەکرێت، بەڕێوەچوونیشیان پێوستی بە پێوەندیی پشتبەستوو بە زۆر و ناچارکردن دەبێت. لەم جۆرە هەلومەرجانەدا پلە و پایە ئیداری و دادوەرییە "باشەکان" دەتوانن تا ڕادەیەک دۆخی ژیانی خەڵک باشتر بکەن، بەڵام ئامادەییی ئەم جۆرە کەسانە دژ بە بونیادێکی حکوومییە کە بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی پێویستی بە زۆرداری و ناچارکردنە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم دەوڵەتانە گەندەڵییە. ژنان لەو دەوڵەتە گەندەڵانەدا کە کاربەدەستانی بۆ جێبەجێکردنی کارەکان بەرتیل وەردەگرن، بە شێوەیەکی جیاواز لە پیاوان دەکەونە بەر کاریگەریی ئەم حاڵەتانەوە. کارمەند یان خاوەن پلەیەک کە دەبێ ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنی کارەکانیان دەرببڕێت، لەوانەیە جگە لە داواکاریی پوول و پارە، داخوازیی دیکەشی لەوان هەبێت. جگە لەمە، گەندەڵی شتێکە کە دەوڵەتەکان لە کار دەخات، لێرەوە ئەو ژنانەی بەنیازن داواکارییە فێمینیستییەکانیان گەڵاڵە بکەن، لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمەدا یەکەم شت بەرەوڕووی بەربەستی گەندەڵی دەبنەوە کە ئەنجامدانی هەموو کارێک نامومکین دەکات. ئەنجام، کارکردن لەناو دەوڵەتەکاندا بۆ جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانە هەمیشە مومکین نییە.

بەم چەشنە، ئەو پێوەندییەی چالاکانی مافەکانی ژنان لە جیهانی سێیەمەدا لەگەڵ دەوڵەت دروستی دەکەن لە پێوەندیی ژنانی ڕۆژئاوایی زۆر ئاڵۆزترە و جیاوازە لەویش. واتا کاتێک کە دەچینە سەر باسی پێوەندیی ژنان و دەوڵەت، دەبێ دوو هەڵوێستی جیاوازمان لەبیر بێت.

یەکەم مەسەلە ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی هەرە زۆری ژنانە. کاتێک کە لەسەر ئەم تەوەرە دەکەوینە مشتومڕەوە هەم دەبێ شوناسی بیچمگرتنی ئەو دەوڵەتەی گرووپە دیاریکراوەکانی وەک ژنان تێیدا دەژین، لەبەرچاو بگرین و هەم ئەو بگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کاریگەری لەسەر پێوەندیی ئەوان لەگەڵ دەوڵەت دادەنێن، ڕەچاو بکەین.

مەسەلەی دووەم کاردانەوەی فێمینیستییە بەرامبەر بە دەوڵەت. وەک دیاریکردنی ستراتیژی خەبات بێت یان وەک ڕەخنەگرتن لە دۆخەکە، دەبێ وشیارانە هەڵبژاردنی فێمینیستەکان لە هەڵبژاردنی زۆرینەی ژنان جیا بکەینەوە تاکوو بتوانین لە پێگەیەکدا جێگیر بین و هەردووکیان بە باشی دەرک بکەین. یەک لە جیاوازییەکانی نێوان دۆخی ژنان لە دەوڵەتانی لیبرالی ڕۆژئاوایی و دۆخی ژنان لە جیهانی سێیەم ئەوەیە کە دەسەڵاتی ڕێکخەری دەوڵەت تا چەند دەتوانێ کاریگەرییان لەسەر دابنێت. ژنانی وڵاتانی جیهانی سێیەم زیاتر لە ژنانی ڕۆژئاوایی لە هەموو دەرکەوتەکانی دەولەت سەراونەتەوە. هۆکاریش ئەوەیە کە لە جیهانی سێیەمدا دەوڵەت بە زۆریی ئەو شێوازە لە تۆڕی پارێز و پشتیوانی کە جێبەجێکارانی خۆشگوزەرانیی دەوڵەتانی لیبرالی ڕۆژئاوایی پێیان دەکرێت، دەستەبەر ناکات. بەم چەشنە، هەم ژنانی چینەکانی خوارەوە و هەم ژنانی چینە باڵاکان لە ئاقاری کارکردەکانی دەوڵەت بەرپەرچ دەدرێنەوە. ژنانی چینە باڵاکان کە دەستیان بە سەرچاوەگەلی زیاتر ڕادەگات، بۆ دابینکردنی تەندروستی، فێرکاریی خزمەتگوزاریی چاوەدێریی منداڵ و کارکردن بە شێوەی نەریتی کەڵکیان لە کەرتی تایبەت وەرگرتووە و ژنانی چینەکانی خوارەوەش ناتوانن پشت بە دەوڵەت ببەستن، چونکە بە ڕادەی پێویست پشتگیرییان ناکات.

جیاوازیی دیکە ئەوەیە کە لەم دەوڵەتانەدا ژنان بەزۆری ئاگاداری پانتایی کار و کردەوە و یاسادانانی دەوڵەت نین. دەیتا و زانیاریی نوێ لە مەڕ یاسادانانی تازە بەزۆری بە شێوەی پچڕ پچڕ و شپرز بڵاو دەبێتەوە. نەخوێندەواری و بێبەریبوونی ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەم نائاگادارییە گرژتر دەکات. یەک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی ئەم دەوڵەتە باوکسالارانە ئەوەیە کە نایانهەوێ بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بەها نەریتییەکانی خێزاندا بەریەککەوتنیان هەبێت و گەر چەند دروشمێکیشیان سەبارەت بە مافەکانی ژنان دابێت، هەر کە هەستیان کرد گرووپەکانی پشتیوانیان زۆر حەزی پێ ناکەن، بە ئاسانی چاوپۆشی لێ دەکەن و گەر یاسایەکیان پەسەند کردبێت، جگە لە ناتوانایی هەمیشەییان لە بەڕێوەبردنی یاساکاندا، کەمتر بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی ئەو یاساش دەکەن.

لە لایەکی دیکەشەوە، زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، قووڵ ڕەگیان لە کۆمەڵگای مەدەنیی ئەم وڵاتانەدایە. ژنانی ئەم وڵاتانە هەم لەلایەن دەوڵەتەکانەوە گوشاریان دەخرێتە سەر و هەم لەلایەن کۆمەڵگای مەدەنییەوە. لەم وڵاتانەدا پێچەوانەی وێنای تیۆرڤانانی ڕۆژئاوایی، فەزایەکی لێوانلێو لە

هەڕەشــە کە کەشـی داتەنیوە کە کۆمەڵێک مەترسـیی شـاراوە و ئاشـکرا تێیدا بۆسەی بۆ ژنان ناوەتەوە.

لەم ڕووەوە، "ڕەگدار"بوونی دەوڵەت لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، هەروەک ژمارەیک لە تیۆریســـیەنەکانی ئابووریی پەرەگرتن لەســـەر ئەو باوەڕەن، بابەتێکی پۆزەتیڤ نییە و بەکـارهێنـانی توانـاکـانی دەوڵەت هـاوئـاســـۆ لەگەڵ نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێ بۆ ژنان پێکهاتەیەکی ترســـناک بێت کە هەڕەشـــە لە هەر چەشـــنە هەوڵدانێک بۆ ڕەخســـاندنی گۆڕان لە واقیعەکانی ژیانیان بکات. لێرەدایە کە لە بەر یەک هەڵوەشانی بەش و پاژەکانی دەوڵەت گرنگ دەبێت.

شـــتێک کە ڕاهـاتووین پێی بڵێین دەوڵەت، تەنهـا تۆڕێـک لە پێوەنـدییەکـانی دەسەڵاتە کە بەش و پاژەکانی هاوکاریی یەکدی دەکەن و هەڵبەت ناکۆکییەکیش هەیە لە نێوانیـانـدا. ڕێک هەر بەهۆی ئەم ســـەیـالییەت و پرش و بڵاوییەی دەسەڵاتە کە ناتوانین هاوشێوەی فێمینیستە ڕۆژئاواییەکان بڵێین گەڕانەوە بۆ دەوڵەت بۆ پـارێزگـاریی لە ئێمە بەو مـانـایە کە "لە دامەزراوە نێرینەکـان داوا بکەین لە دژایەتیکردنی پیاواندا یارمەتیمان بدەن". گەر تێگەیشـــتنی خۆمان لە ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سەبارەت بە ژنانیش بخەینە سەر ئەم تەفسیرە بۆ پێوەندییەکانی دەسـەڵات، ئەوسـا بۆمان دەردەکەوێت هەڵوێسـتی ڕاشـکاوی "دژی دەوڵەت" بوون دەتوانێ بۆ ژنان زۆر مەترسیدار بێت.

### ئایا مەسەلەکە نزیکبوونەوە یان نزیکنەبوونەوە لە دەوڵەتە؟

هەروەک بینیمان لە نەبوونی پشـــتیوانییە فەرمییەکاندا، ئامادەییی دەوڵەت لە ژیانی زۆرێک لە ژنانی جیهانی ســـێهەمدا پەڕاوێزییە. ئەم ئامادەیییە زۆربەی جاران تەنها کاتێک تۆخ و پڕڕەنگ دەبێتەوە کە ژنان لەو ســنوورانەی دەوڵەت دیاریی کردووە لا بدەن و لەلایەن دەوڵەتەوە بکرێنە ئامانجی ســـەرکوت یان داواکراوی دادوەری. کەوابوو، بۆ زۆبەی زۆری ئەم ژنانە مەســـەلە ئەوە نییە کە لە دەوڵەت نزیک ببنەوە یان نزیک نەبنەوە؛ ئەوە دەوڵەتە کە تەنها کاتێک ئاوڕیان لێ دەداتەوە کە دەیهەوێ بیانکاتە ئامانجی بێبەزەیییەکانی خۆی.

بەم چەشـــنە، ئایا ناکرێ بڵێین "پارێزراو بوون" لە لایەن هەمان ئەو دەوڵەتەوە کە دەترســـین بمانکاتە ئامانجی توندوتیژی، ئەنجامەکەی بەردەوامیی هەمان بێدەســـەڵاتی و وابەســـتەیییە کە ئەزموونی زۆربەی زۆری ژنانی لە قۆناغ و کولتوورە جیاجیاکاندا پێکهێناوە؟

ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی ژنانی جیهانی سێیەم دەڵێ کاتێک کە بەرەوڕووی دەسەڵاتی توندوتیژیی دەوڵەتی دەبینەوە، ڕەنگە جیاوازیی وەرگرتن یان وەرنەگرتنی دەنگی دادگایەک کە بەرامبەر بەو توندوتیژییە دەمانپارێزێت، جیاوازیی نێوان مەرگ و ژیان بێت. وەکی تر مەسەلەکە بۆ ژنی جیهانی سێیەم لە بنەڕەتدا نزیک بوونەوە لە دەوڵەت یان "داواکردنی پشتیوانی"ی دەوڵەت نییە، بەڵکوو بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دەوڵەتە. لەوانەیە شێوە و شێوازی ئەم بەرەنگاربوونەوەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا بێت، بەڵام شێوەی ڕاستی گەڵاڵەکردنی مەسەلەکە هەر ئەمەیە و لەبەرچاونەگرتنی بە مانای گرنگی‌نەدان بە ژیانی ملوێنان ژن دەبێت. لەمەش خراپتر ئەم ڕێگا بەرەو بێکردی و پووچی دەگاتە کۆتایی.

خەباتی ژنانی جیهانی سێیەم بەردەوام بەرامبەر بە ئاستەنگییە تازەکان وشیاریی زیاتر بەدەست دێنێت کە نەزمی حکوومەتی لە دژیان دایدەنێت. هەر بۆیە ژنان بەردەوام خەبات و تێکۆشانەکانیان دەگوازنەوە بۆ بەرەکانی دیکە بۆ ئەوەی لەو پشتگیرییە جۆراوجۆرانەی دامەزراوەکانی حکوومەت پێیان نادات، بەهرەمەند بن. لێرەوە دەتوانین بڵێین مەسەلەی لەگەڵ دەوڵەتدا بوون یان دژ بە دەوڵەت بوون پێویستی بە ڕوانینێکی نوێیە.

## ئەنجام

هەرچەندە چەمکی "فێمینیزمی دەوڵەتی" لە مانای ئەرێنیی خۆیدا لە ئەورووپای دەیەی ۱۹۸۰دا پەروەردە کراوە، بەڵام لە ساڵی ۱۹۷۵ەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە دەوڵەتەکان کرد کە دامەزراوەی تایبەت بە سیاسەتدانان لە بونیادی خۆیاندا دابمەزرێنن، هەم ئەم جۆرە دامەزراوانە لە سەرتاسەری جیهاندا کرانەوە و هەم بزووتنەوە فێمینیستییەکان لێرە و لەوێ پێوەندییان لەگەڵیان دروست کرد. لەو سەردەمەوە دەور و کاریگەریی ئەم دامەزراوانە و ئەم پێوەندییگرتنانە بوونەتە تەوەری توێژینەوەی جۆراوجۆر و لە گەلێک ڕوانگەوە لێکدانەوەیان بۆ کراوە. ستراتیژی بەدواداچوون بۆ داواکارییە فێمینیستییەکان لەناو دەوڵەتەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە چەندین جۆر گومان و پرسیار لەم بارەوە بێتە ئاراوە: وابەستەیی بە دەوڵەت؟ چاکسازی یان شۆڕش؟ زنجیرەپلەیی یان بڕیاردانی کۆیی بەدەر لە زنجیرەپلەیی؟

"فێمۆکرات" بە مانای ژنێکی فێمینیستە کە بە بەرنامەی تایبەتەوە دەچێتە ناو دەزگا دەوڵەتی و حکوومییەکان تاوەکوو بەدواداچوون بۆ خواست و داواکارییە فێمینیستییەکان بکات. لە دەیەی ١٩٨٠ بەدواوە زاراوەی فێمۆکرات ئاماژەیە بۆ ژنانێکی بەهێز و بەدەسەڵات کە بەڵێنی ئایدۆلۆژیک و سیاسییان بەرامبەر بە فێمینیزم هەیە و هەوڵی بۆ دەدەن.

سەبارەت بە پێوەندیی فێمینیزم و دەوڵەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەتوانین بڵێین ئەم پێوەندییە گەلێک جیاوازیی گرنگی لەگەڵ پێوەندیی فێمینیستە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ دەوڵەتەکانیاندا هەیە و ناکرێ ئەو تیۆرییانەی بە نیسبەت ئەم ڕووکردەوە لە ڕۆژئاوا بەدیهاتوون بۆ فامکردنی دۆخی فێمینیزمی دەوڵەتی لە جیهانی سێیەمدا بەکار ببرێت. وردتر بدوێین ئەم تەوەرە بەپێی هەر کات و شوێنێکی جیاواز تایبەتمەندیی جیاواز و یەکەی دەبێت و لێرەوە توێژینەوە و لێکدانەوەی سەربەخۆ و یەکە داوا دەکات.